# چاوی ماسی... حەزێك بۆ بوونە ماسی.. گەشتێك بەرەو موتڵەق.

خوێندنەوە:یاسین عومەر

◙ چاوی ماسی.

◙ بابەت:نۆڤلێت.

◙ نووسینی:تەحسین حەمەغەریب.

◙ بڵاوکەرەوە:سەنتەری چالاکی لاوان.

◙ ساڵ: (٢٠٠٤).

---

مەبەستی لە چیە؟ ئەو پرسیارە هەمیشەییەیە کە هەرکاتێك دەقێك دەخوێنینەوە رووبەروومان دەبێتەوە. بەحوکمی ئەوەی هەمیشە ئاستی و مەعریفی و هوشیاری و زانینەکان دەگۆڕێن بەردەوامیش پرسیارەکان، تێڕوانینەکان، گۆشەی بیروبۆچونەکان دەگۆڕێن.ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە لەکاتی خوێندنەوەی نۆڤلێتی عیرفانی (چاوی ماسی)دا رووبەڕووی دەبینەوە.(چاوی ماسی) بەرهەمی ناو نێوەندێکی رۆشنبیریە کە تەڵقین تیایدا تاکە رێگەی ئاشنا بوونە بە مەعریفە، بە دونیای تازە و بە حەقیقەت و جەوهەری شتەکان.هەر لێرەشەوەیە گرنگی ئەم نۆڤلێتە خۆی بەیان دەکات، نوڤلێتێك کە تیایدا کاراکتەرەکانی ((کە بە جەستە ماسین و بە رۆح و بە مەعریفە مرۆڤن لە ئاستە هەرە کامڵەکەیدا)) پرسیار ریسك دەکەن، ئەزمون وەردەگرن و دەچنە دەرەوەی مەعریفە و زانیارییە پێشینەکانیان لەسەر شتەکان، جوانی نۆڤلێتی (چاوی ماسی) ئەو ئامادەییەیە کە کاراکتەرەکان نیشانی دەدەن بۆ گەیشتن بە حیکمەتەکانی بوون ئەویش ئەنجامدانی گەشتێك کە هیچ شتێك تیایدا مسۆگەر نیە، هەر لەیەکەم ساتی چونەدەرەوە لە دەریا ((کە سیمبولی چوونە دەرەوەشە لەخۆ و لە (خۆد)ی خۆمان)).مەترسیەکان دەست پێدەکەن و گەرانەوە بەهیچ شێوەیەك مسۆگەر نیە.ئەگەر گەشتی (مەحوی) عاریف و صۆفی گەشتێکی بیابانیە و پڕە لە مەترسی:

ئەگەرچی بادیەی عیشقی خەتەرناك

کەچی هەر چووم و ئەگەر مام و ئەگەر چووم

لە دەقێکی تریدا (مەحوی) گوزارشت لە هەمان ترسی گەشتکردن و گەڕان بە شوێن حیکمەتدا دەکات:

لە کێ یاڕەب خەبەر پرسی بکەم من

کە هەرکەس چوو بۆ خەبەر بێ خەبەر کەوت

ئەگەر گەشتی (مەحوی) گەشتێکە بەرەو بیابان و سەراب بەرەو ونبوون، ئەگەر ئەم گەشتە دەرچوونە لە دونیای مرۆڤەکان هەڵهاتنە بەرەو حەقیقەتێك کە لەدەرەوەی دونیای مرۆڤەکاندایە، ئەوا گەشتی کاراکتەری ناو (چاوی ماسی) گەشتێك بەرەو قولایی دونیای مرۆڤ و هەوڵدانە بۆ کەشفکردنی حەقیقەت لەوێدا.بەلام هاوبەشێك کە زۆر زەقە و گەشتی (مەحوی) بەگەشتی کاراکتەری (چاوی ماسی)یەوە دەبەستێتەوە بە بڕوای بەندە (دابڕانە لە ئاو) وەك رەمزێك بۆ ژیان.لە هەردوو گەشتەکەدا دابڕان لە ئاو دابڕانیشە لە حەقیقەت،

**چونکه گەشتی گەیشتن بە حەقیقەت بەیارمەتی ئاو دەست پێدەکات و بەهەر دابڕانێکیش لە ئاو کۆتایی پێ دێت و دەوەستێت، ئەوە یەکێکە لە گوتراوە هەرەجوانەکانی پشت ئەم نۆڤلێتە و تیایدا ژیان بەهایەکی زۆر گرنگی هەیە و تاکە گرەنتی گەیشتنە بە حەقیقەت٠**

بەڵام لە گەشتی بیابانی (مەحوی)دا (خودا) خۆی چاودێرە و گەشتەکە راستەوخۆ دەست پێدەکات بەرەو ئاراستەی ئاسمان و بەرەو حەقیقەت، بەڵام لە گەشتی ئەم نۆڤلێتەدا گەشتەکە بە نێوەندێك دەست پێدەکا کە مرۆڤە، واتە مرۆڤ ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، لێرەشەوە بەهایەکی مرۆڤدۆستانە لەم نۆڤلێتەدا خۆی بەیان دەکات٠ هەرچەندە بەراوردێکی نابەرامبەر لە نێوان دونیای ماسی و مرۆڤدا دەکات و مرۆڤ کایەکی بەپیتە بۆ رەخنەگرتن و خستنە بەر نەشتەر هەرچەندە مرۆڤ لەبەرگە هەرە خۆپەرستی و نەرجسی و شەڕانیەکەیدا دەردەکەوێت و زۆر بەخەستی رەخنە دەگرێت بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هەر مرۆڤ گرەنتی گەیشتنە بە حەقیقەت و بە نهێنی شتەکان٠ من گوێم لە نوسەرە کە دەڵێت ئەگەر مەخلوقێکی تر هەبێت لەدەرەوەی مرۆڤ و ئیرادەی کەشفکردنی نهێنی و رازەکانی پێ بدرێت و دواجار هەر دەبێت بە فیلتەری جیهانی مرۆڤەکاندا بڕوات بۆ ئەم مەبەستە تا ئەو رادەیەی کە قەدەری گەیشتن بەجۆرێك لە حەقیقەت بەستراوەتەوە کە ئیرادەی مرۆڤەکان گەشتی گەیشتنی بە رازەکانی بوون پەیوەستە بە هاتنە ناو ئەو فەزا مرۆڤانەیەی کە خولقێنراوە بۆ دەستکردن بە گەشتێکی لەو جۆرە، سەرکەوتنی ئەو سەفەرەش پەیوەستە بەهەمان ئەو ئامرازانەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت بۆ ئەو سەفەرە٠

یەکەم هەنگاوی ئەو سەفەرە دەرگیر بوونە لەگەڵ مرۆڤ، هەر کە ماسیەکان لە دەریا دێنەدەر تاکە چانسێك کە هەیانە بۆ سەرکەوتن لەسەفەرەکەیاندا و گەیشتن بە نازناوی (حەکیم) پەیوەستە بە سادەترین هەڵسوکەتی مرۆڤەکانەوە (نەگۆڕینی ئاوی ناو شوشەکان بۆ چەند رۆژێك، برینی ئاو لە ماسیەکان بەهەر بیانوویەك)٠

پێداویستیەکانی ئەم گەشتە (کە بەبڕوای من گەشتێکی گریمان کراوە لەدەرەوەی گەشتی فرە رێگە و فرە رەنگی مرۆڤەکان، گەشتێکە کە تیایدا مرۆڤەکان لە نائامادەیەکی تەواودایە و بە تەنها ئامرازێکی قەدەریانەیە بۆ ئاسانکردنی کارەکتەری ئەو گەشتە گریمانکراوە کە ماسیەکی بچووکە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەش دا هێشتا بە پایان گەیشتن ئەم هەنگاونانە بەرەو دۆزینەوەی رازەکانی ژیان و بوون بەستراوەتەوە بەمرۆڤەوە٠ مرۆڤ لە نێوان نائامادەیی و ئامادەیەکی لاوازی سەنترالدا لەم نۆڤلێتەدا دێت و دەچێت٠

وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا ئەم گەشتە گەشتێکی گریمانکراوە لەدەرەوەی دونیای مرۆڤەو،بەڵام هەرکە دەست پێدەکات دێتە ناو دونیای مرۆڤەوە و لە دونیای مرۆڤەوە بەرەو ئەو حەقیقەتەی کە مەبەستیەتی هەنگاو دەنێت٠

یەکەم هەنگاو ئامادەکردنی ماسیەکانە لە لایەن ماسیە حەکیمەکانەوە بۆ گەشتێك کە بە نا مسۆگەریەکدا دەڕوات و تا ئەو سەر نادیارە،یەکەم هەنگاو بۆ فێر بوون بۆ وەرگرتنی حیکمەت بینینە،

(ماسیەکان بۆ ئەوەی زۆرتر فێر بن دەبێت زۆرتر ببینن) }ل ٢{٠

بەڵام ئەم بینینە ئەو بینینە دووبارە بووەوە نیە کە هەموو رۆژێك شتەکان دەبینێت و دوای بینینی شتەکان هێندە ئاسایی دەبنەوە کە دەچنەوە ئاستی نەبینراوەکانەوە یان وردتر بڵێم دەچنەوە ئاستی هەست پێنەکراوەکانەوە، ئەم بینینە هێندە ورد و بەردەوام و هۆشیارانەیە کە دەگاتە رادەیەك لەهەر بینینێکدا حەقیقەتێکی تازە و نەبینراوێکی تر و هەست پێنەکراوێکی تر بەدەر دەکەوێت، بینینێك کە ئاستی بینینی پەتی و بێ ئیحساسە دەگاتە ئاستی هەست کردن بە وجودی شتەکان، ئیتر لێرەوەیە دەبینی کە هەڵهاتن و درەخشان بوونی ما نگ حاڵەتێکی هێندە عیرفانی وەردەگرێت کە جوانە بۆ تێڕوانین و تەماشاکردن، گەلێك لە ئەستێرەکان باوەڕیان وایە خۆر عاشیقی مانگە و لەوەتەی هەیە بەدوایدا وێڵە، بەڵام هەرگیز پێی نەگەیشتووە، مانگیش هەتا خۆر دیار بێت نایەت بۆ نێو دەریا و خۆی رووت ناکاتەوە، گەشتەکە لەگەڵ ئەوەی گەشتێکە بۆ تێگەیشتن و کەشفکردنی نهێنیەکان و هێنانە ئاستی بینینی نەبینراوەکان، گەشتێکی فەنتازی و سیحر ئامێزە و هێندە جوانە بۆ تەماشاکردن کە کەسێکی گەشتگەر دەخاتە حاڵەتێکی عیرفانی ئەوتۆوە کە نەك لە بینراوەکاندا هەست بەبوونی رازێك دەکات بەڵکو ئەو قوڵ دەبێتەوە بۆ دیفاعی نەبینراوەکان و رەگی حەقیقەتەکان لەوێدا دەبینێتەوە٠٠٠

بەڵام ئەمە هەر بە حازری لەسەر سفرە ئامادە نیە و هەر کاتێك بتەوێت پەلاماری بدەیت تا ئەو تاسە گەورە و برسێتیە وجودیەت بڕەوێنێتەوە، نەخێر٠٠٠ئەمە دەردەسەری زۆری دەوێت و پڕە لە چەرمەسەری ((بەڵام ئەمە سەفەری رۆحی و عیرفانی دەوێت تا لێی تێ بگەیت))

گەشتێکی عیرفانی، گەشتێك کە دەست و پەنجە لەگەڵ نەبینراوەکاندا نەرم دەکات و دەیەوێت بگاتە حەقیقەتی حەقیقەتەکان، حەقیقەتێکی گەورە کە هەموو بوون و گەردوون وجودیان لەوە وەردەگرن٠٠٠
دیارە دەستپێکردنی ئەم گەشتە لەبەشی یەکەمی نۆڤڵێتەکەوە دەست پێدەکات، لەم بەشەدا ماسیەکی پیری حەکیم باس لەخۆ ئامادەکردن بۆ گەشتێکی لەوجۆرە دەکات و ماسیە وردەکان بۆ گەشتێکی عیرفانی وەها ئامادە دەکات٠
لەسەرتاپای نۆڤڵێتەکەدا ناوبەناو بەراوردێکی زۆر ناسکی جیهانی دەریا و جیهانی مرۆڤ (سەرزەوی یان وشکانی) دەکرێت٠ بەراوردێك لە نێوان ئاو و خاك، ئاو و هەوا، مرۆڤ و ماسی، یاساکانی دەریا و یاساکانی زەویدا دەکرێت کە گرنگە بۆ تێڕامان٠ بەبڕوای بەندە هەرچەندە زۆر دڵنیاش نیم بەڵام باوەڕم وایە کە پیشاندانی جیهانی ماسی و بەراوردکردنی بە جیهانی مرۆڤ بۆ ئەوەیە کە جیهانێکی دەرەوەی جیهانی مرۆڤ ببێتە ستاندارد و لە هەمان کاتیشدا ببێتە ئاوێنەیەك بۆ خوێندنەوەی دونیای خۆمان کە دونیای مرۆڤ نەرجسی و شەرانیەکانە٠ مرۆڤ بەردەوام لە ڕێگەی بەراوردەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەخۆی و لە جیهانی خۆی تێدەگات٠
(دەریایەك خۆراك بۆهەموو ماسیان ئامادە دەکات و ناو سکی دەکاتە شوێنی کۆبونەوەی گەراکانیان و لە دایکبوون و گەورە بوونیان٠ دەریا وەك کتێبێکی گەورەی کراوە جێگەی زانیاریەکانە، کتێبێکی گەورە بە ئەندازەی مەزنی دەریا، ماسی بۆ ئەوەی ئەو کتێبە بخوێنێتەوە دەبێت هەموو دەریا بگەڕێت) }ل١٢{٠
لە پشت ئەم بەراوردکردنەوە حەزێکی هێندە جوان و ڕۆمانسی لە ئایدیا و لە ڕۆحی نوسەردایە کە پێویستیمان بە میتۆدەکان هەیە بۆ خوێندنەوەی، میتۆدێك کە لەو هەموو دیدار و تخووبە ئاسنینانە تێمان بگەیەنێت کەسەر زەویان تەنیوە و ڕێگرن لەوەی گەشتێکی عیرفانی و مەعریفی لەو جۆرەی کە دەکرێت لە دەریادا پێی هەستیت بیکەیت٠
دەریا ئەگەر کتێبێکی گەورەی کراوەیە بۆ هەموو ماسیان و ماڵی هەموو ماسیەك و دایکی هەریەکیان و نیشتمانی هەر ڕەگەزێکیان بێت، ئەوا لە دونیای مرۆڤەکاندا بەخاوەن کردن هەیە و ئەگەر جیهانگیری ئابووری وا بڕوات ئەوا لە ماوەیەکی داهاتووی زۆر کەمدا زەوی دەبێتە موڵکی کۆمەڵێك بێ نیشتمانی دیاریکراو٠
لەبەشی دووەمی نۆڤڵێتەکەدا کە تایتڵی هەیە و ناوی (جوڵان بەرەو خوڕ)ە چەندین پەرەگرافی گرنگی تێدایە کە بۆ تێڕامان و بیرلێکردنەوە گرنگن٠ لەم بەشەدا زۆر بە گرنگیەوە باس لە ئەزمون دەکات بۆ فێربوون، بۆیە کەشفکردن و بۆ بوونە عاریف٠ واتە ئەگەر لە هەنگاوی یەکەمدا بینین زۆر بەبایەخە و بایەخێکی میحوەری هەیە، ئەوا لەم بەشەدا (بینین) هەموو شتێك نیە و لە بنەڕەتیشدا هەر خۆی هەنگاوێکی زۆر سەرەتاییە بۆ فێر بوون، لێرەوە بایەخی (ئەزمون) بەدیار دەکەوێت، بۆ نمونە، بۆ ئەوەی ماسیەك لە ساردی وەرزی زستان تێ بگات، باسکردن و وێناکردن و بینین هیچیان ئاسانکار نین بۆ ئەو تێگەیشتنە، تاکە ڕێگە بۆ دەرککردنی ساردی (ئەزمون)ە٠ هەر لەبەر ئەوەشە (ئەو ماسیەی تەمەنی تەنیا ڕۆژێکە ناتوانێت ئەو شتانە ببینێت کە لە ماوەی هەفتەیەکدا ڕوو دەدەن)٠ لە ناوەندێکدا کە وەکو پێشتر باسم کرد بە تەڵقین مەعریفەکان دەگەیەنرێن و لە چوارچێوەی کۆمەڵێك ئارگیۆمینت و موجادەلەدا وەك حەقیقەتێکی ڕەها باسیان لێوە دەکرێت ئالێرەدایە لە گرنگی و لە بایەخی ئەزمون تێدەگەین وەك یەکێك لە ئامازە هەرە گرنگەکانی گەیشتن بە مەعریفەیەکی تەندروست٠ لەو ناوەندەدا کە ئێمە باسی لێوە دەکەین تێڕوانین و ئەزمون مەعریفەی پێشینەکان لەبەر دەکرێت و ئەزمونەکانیان دوبارە دەکرێنەوە ئا لەم ناوەندەدایە کە ئەزمون بایەخێکی ژیانی هەیە و زۆر گرنگە کە وەکو چەمکێکی بەبەها و وەك میکانیزمێکی گرنگی گەیشتن بە مەعریفە لێی بڕوانین، بە بڕوای من هەر نەوەیەك جۆرێك لە حەقیقەتی خۆی هەیە و هەر حەقیقەتێکیش بەرهەمی ئەزمونێکی پیادەکراوە٠ بەڵام نابێت خۆش خەیاڵ بین و وا بزانین ئەزمون هەموو شتەکان دەگەیەنێتە سەرجەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان، نەخێر٠٠٠ لە زۆر کاتدا ئەزمونی گەورە گەورە دەکەین و بەڵام ناگەین بەو ئامانجەی کە مەبەستمانە، لێرەدایە کە گرنگی فاکتەری زەمەن بەدەردەکەوێت، بەڵام زەمەن خۆی هەم جۆرێکە لە چارەسەر و لە هەمان کاتیشدا بەشێکی گەورەیە لە کێشەکان، واتە زەمەن هەم کێشەشە و هەم بەشێکە لە چارەسەرەکان٠
ئەوەی پەیوەستە بەو گەشتی حەقیقەتەوە شتێکیتر لە ئارادایە کە ئەویش چانس و قەدەری مانەوەیە، لێرەدا نووسەر بە پێچەوانەی (داروین)، و چانسی مانەوە دەدات بە هەرە بچووك و لاوازەکان لێرەدا فاکتی (مانەوە بۆ بەهێزە) هیچ دادێکمان نادات٠ چونکە هەرچەندە ماسیان بەهێز بن مرۆڤ لەوان بەهێزترەهەرچەندە ئەوان سرك بن مرۆڤ لەوان تیژترە٠ ئەی چار چیە؟ بێگومان هیچ چارەسەرێك لە ئارادا نیە و تاکە گەرەنتیەك کە هەبێت لە دونیای نادیارەکاندایە و پەیوەستە بەقەدەری خۆتەوە٠ ماسی بۆ ئەوەی شەرەفی ئەو گەشتەی پێ

بڕێت دەبێت زۆر قەڵەو و گەورە و گۆشتن نەبێت کە ببێتە هۆی تەماعی مرۆڤەکان بۆ خواردن و برژاندنی، هەروەها دەبێت جوان بێت ڕەنگاوڕەنگ بێت • من لێرەدا هیچ ناڵێم جگە لە سەرسوڕمانێکی قوڵ، چونکە لەو ژینگەیەی کە ئەم نۆڤلیتەی لێوە دێتەدەر جوانی بەنەفرەت دەکرێت بەڵام نوسەری ئەم نۆڤلێتە جوانی دەکاتە یەکێك لەمەرجەکانی گەشت بەرەو حەقیقەتەکان بۆ ئەوەی بگەیتە مەنزل دەبێت جوان بیت، جوانیت خۆش بوێت و بەجوانیشدا گوزەر بکەیت• بەڵام ئایا دوای ئەمەش گەشتەکە تەواو و مسۆگەرە• بێگومان نەخێر، هیچ گەشتێکی عیرفانی بەرەو کەشفکردنی ڕازەکانی بوون مسۆگەر نیە و لە هەموو ساتێکدا مەحکومە بەوەستان و لە ناوچوون و ون بوون•

لەبەشی سێیەمی نۆڤلێتەکەدا کە کورتترین بەشی نۆڤلێتەکەیە گەشتی ماسیەکان بەرەو جیهانی دەرەوەی جیهانی دەریا دەست پێدەکات• لێرەدایە کە ماسیەکان تێدەگەن لەدەرەوەی دونیای ئەوان دونیای تر و لە دەرەوەی ڕەنگەکانی ئەوان ڕەنگی تر و لە دەرەوەی حەقیقەتەکانی ئەوان حەقیقەتی تر هەن، بەڵام بۆ دەرککردنی ئەم ڕاستیە و گەیشتن بەم (زانین)ە دەبێت بچیتە دەرەوەی دونیا و ماڵ و نیشتمان و پەرتووك و خاکی خۆت، دەبێت تێبگەین لە دەرەوەی ئێمە (ئێمە)ی تر هەیە و لەدەرەوەی من (من)ی تریش هەیە• بەڵام ((ئەگەرچی پڕ لە ترس و سامناکیە، بەڵام دواجار تەنها ڕێگەی (فێربوون) ڕۆیشتنە))• بە زمانە باوەکەی خۆمان ئەمەیە کرانەوە بە ڕووی ئەوانی تردا، هەر ئەمەشە کۆمەڵگەی کراوە و مەعریفەی کراوە و تاکی کراوە بەرهەم دەهێنێت• (ئەو ماسیەی زۆر بڕوات زۆرتر دەبینێت) }ل/٣٣{•

بێگومان ئەوەش زۆرتر ببینیٚ، زۆرتر ئەزموون دەکات و زۆرتریش حیکمەت وەردەگرێت وگەورەتریش دەبێت • لەبەشی چوارەمی نۆڤلێتەکەدا کە تایتڵی (جیهانی مرۆڤ)ی هەڵگرتووە ماسیە بچوکەکە لە دنیای مرۆڤ گەڕاوەتەوە و پاش گەشتێکی (١٥) ساڵی هاتووەتەوە بۆ نێو دونیای ماسیان•

ئەم بەشە درێژترین بەشی نۆڤلێتەکەیە و تیایدا بە وردی چەند خەسڵەتێکی دنیای مرۆڤەکان دیاری دەکرێت و ڕەخنە دەکرێت پێم وابێت ئەم بەشە ڕوونترین بەشی نۆڤلێتەکە شەو دەکرێت بە ڕوونیش لەو ڕەخنانە تێبگەین لە دونیای مرۆڤ و لە خودی مرۆڤیش دەگیرێن، لەگەڵ ئەم خوێندنەوەیەش بۆ مرۆڤ و جیهانەکەی بەراوردێکی گەورە لە نێوان دونیای مرۆڤ و جیهانی ماسیاندا دەکرێت و خراپیەکانی مرۆڤ و شەڕەکانی ڕووبەڕوی پاکی و بەسۆزی دەریا و جیهانی ماسی دەبێتەوە، ئەوی ماسی کە بە دوو چاوی هەرگیز نەخەوتووەوە و بۆ ماوەی (١٥) ساڵی ڕێك کە بە پێوەری دونیای ماسیان (٣٠) ساڵ دەکات،چونکە (١٥) ساڵی مرۆڤەکان (٧) ساڵ و نیو دەکات چونکە لە نیوە زیاتریش بەخەو و بێئاگاییەوە دەڕوات بەڵام ساڵی ماسیەك یەکسانە بە دوو ساڵی مرۆڤێکی ئاسایی چونکە هەمیشە وشیارە و ئاگای لە دونیای خۆی و دونیاکەی دەوروبەریشیەتی پاش ئەو مانەوە دوور و درێژەی ماسیە بچووکە کە حەقیقەتێکی لە پێشینەتر دێتەوە باسکردن ((ئەوان لەوە گەیشتبوون کە ئەوە مرۆڤە هەموو شتەکان دەگۆڕێت، بەڵام خۆی هەر بەجێگری دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا ماسی بۆ ئەوەی فێر بێت دەبێت دەریا وەك خۆی بێت و ئەمی ماسی بیگۆڕێت))• بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەوە بەشێك لە مرۆڤەکانن کە هەمیشە خۆیان بە چەقبەستوویی دەمێننەوە لە کاتێکدا هەموو شتەکان دەگۆڕین و هەموو شتەکانیش دەگۆڕن• بەشێك لە مرۆڤەکانن کە (کەمیش نین) کە خانوەکانیان، ئۆتۆمبیلەکانیان، کارگە، بازاڕ، ئەساسی ناوماڵ، جلەکانیان، خواردنەکانیان دەگۆڕن و خۆیان هەر ئەو ستایلە لە مرۆڤن کە هەزار ساڵ لەوەو پێش پۆرترەیتەکەی کێشراوە• بێگومان لێرەدا ئەو ماسیەی کە دەگۆڕێت ئەو مرۆڤەیە کە ئامادەیە لەهەر ساتێك لە ساتەکاندا پاش گەیشتن بە حەقیقەتێکی نویٚ و بە ڕاستیەکی نوێتر حەقیقەت و حیکایەتەکان خۆی بگۆڕێت و لە گەڵیشیدا بە قوڵی خۆی بگۆڕێت• بەڵام ((یاساکانی مرۆڤ زۆر جودان لە یاساکانی دەریا، لە جیهانی مرۆڤدا هەموو شتەکان لە ژێر فەرمانی ئەودان و بەو ڕێژە و ئەندازەیەش بوونیان هەیە کە مرۆڤ دەیەوێت)) }ل/٣٨{•

کەواتە ئەگەر بۆ ماسیەك ئەمە ڕاستیەك بێت کە دەبێت ئەو بگۆڕێت لە کاتێکدا دەریا بە جێگیری دەمێنێتەوە ئەوە بۆ مرۆڤ کارەکە زۆر ئەولاترە کە چۆن دەتوانێت ڕکێفی شتەکانی لە ژێردەستدا بێت و بیانگۆڕێت، ئاواش هەوڵ بدات خۆی بگۆڕێت، گۆڕانێك کە لە خوێن و لە شەڕ و لە وێرانکردن دووری بخاتەوە•

لەو گەشتەدا کە دەیکەین مەحکومین بە مەرگ، بە وونبوون، بەنەگەیشتن، بەڵام لە هەموویان زیاتر مەحکومین بە فیتنەیەك کە خۆی لە بنەڕەتدا چاکەیەکی گەورەیە• لێرەدا سەر لە نویٚ (جوانی) وەکو کایەیەکی فەنتازی خۆی بەرجەستە دەکاتەوە ئەگەر لە پێشدا مەرج بوو بۆ ئەوەی بمێنی (جوان) بیت ئەوا لەم قۆناغەی گەشتەکەدا (جوانی) خۆی فیتنەیە و بەرەو حەقیقەتت دەبات• جوانی فیتنەیە بەڵام فیتنەیەکی جوان•

((هەموو دوژمنێکیش بۆ ئەوەی بۆ خۆییت بەرێت لە سەرەتاوە بە جوانیەکانی لە خۆییت نزیک دەکاتەوە، بەڵام شەڕەکان دواتر دەردەکەون، جوانیەکان ئێمەی بیٚ ئەزمونیان برد و خستنینیانە ناو شەڕ و ناخۆشیەوە، چاوی هەمیشەکراوەی ئێمە ناتوانێت خۆی رابگرێت جوانی بینیمان زیاتر دەکات و لە ویشەوە زانیمان زۆرتر و رۆحمان ئارامتر دەکات، بەڵام زۆرجار جوانی بەرەو شەڕمان دەبات (جوانی خۆی خێرە و شەڕیش قۆناغی پاش جوانیە) }ل/٤١{ )) ٠

لەم بەشەدا بەراوردکردنەکە بەردەوامە و چەندین تێڕوانینی قوڵ ئاراستەی خوێنەر دەکرێت و ماسیان لە کەرنەڤاڵێکی جوانی ئارگیۆمینت ئامێزدا قسە لە هەردوو دونیاکە دەکەن٠

بە بڕوای من قوڵترین و بەبەهاترین بڕگەی ناو نۆڤڵێتەکە ئەو بڕگەیە کە باس لە دەسەلاّت و گوێڕایەڵی ئەوانی تر دەکات بۆ کەس و کارەکتەرە بە مەعریفە و بە ئەزمونەکان٠

لەو دونیایەدا کە ئێمە تیایدا دەژین و دەسەلاّت پیرۆزکراوە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئیمتیازێکی ئیلاهیە و بە کۆمەڵێك کەسی هەڵبژاردە دراوەکە کە هەم مەعریفەیان لە ئێمە زیاترە و هەم ئەزموون، ئالەم وێنایەدا تێزێکی لەمجۆرە دێتە دەر و پێمان دەڵێت، دەسەلاّت هی هیچ کەسێك نیە و بۆ هیچ کەسێك نیە، لێرەدایە کە (بە موفارەیەقی زۆرەوە) تێزەکەی نووسەر کە لە زمانی ماسیەکی بە ئەزمونەوە دەکرێت لەگەڵ تێزە دژە دەسەلاّتیەکەی (مارکس)دا یەك دەگرێتەوە٠ بەلاّم لێرەدا دەسەلاّت دەدرێتە دەست دەریا (دەریای نەبینراو لە لایەن ماسیەوە) دەدرێتە دەست دەریا کە هەر خۆی رێکخەری ژیانی ناو هەناوی خۆیەتی و هەر خۆیشی هارمۆنیایەکی گەورەی بە هەناوی خۆی بەخشیوە٠ کەواتە بۆ هیچ یەکێك نیە دەسەلاّتمان بەسەرردا بسەپێنێت و لێرەدایە کە سنورەکانی نێوان شێخ و مورید تێکدەشکێت و حاکم و حوکم بەسەرداکراو بوونیان نامێنێت٠

((دەسەلاّت لە دەریادا تەنها بەدەست دەریایە و ماسیان هەرچەندە گەورە یان بە مەعریفە یان رۆحانی بن ناتوانن گوێڕایەڵی ماسیەکانی دیکە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، بێجگە لە ئاو کەس مافی ئەو دەسەلاّتداریەی نیە، شەرعیەتی گوێڕایەڵی تەنیا بۆ دەریای پاکۆکەر و بەسۆزە، هەموو ماسیەك لە دەریادا خاوەنی هەموو شتێك و لە هەمان کاتیش دا خاوەنی هیچ نیە، وەك چۆن هیچ رۆڵەیەك خاوەنی دایکی خۆی نیە و لە هەمان کاتیشدا دایك دایکی هەر کامیانە٠ رێسای خاوەنداریێتی لە دەریادا بوونی نییە، لە دەریاشدا خاوەنداریێتی بۆ هیچ ماسیەك نیە، لەوانەیە تەنها مانایەك کە نەشێت ماسی لێی تێبگات مانای خاوەنداریێتی بێت))٠

لە بەشی پێنجەمدا کە بەشی کۆتایی نۆڤڵێتەکەیە و تایتڵی (نزاکانی ماسی) لەسەر دانراوە، جۆرێك لە ئارامی و سکونەت دەبینین، ئارامی و سکونەتێك کە بەرهەمی رۆح و فیکر و گیانی ماسیەکە کە بە درێژایی تەمەنی لە گەشتدا بووە بۆ گەیشتن بە سکونەتێکی لەوجۆرە کە لە ئەنجامی گەشتن بە حەقیقەتێکی گەورە وەکو ئاوێکی فێنك بەر رۆحمان دەکەوێت، پاش ئەم گەشتە دوور و درێژ و پڕ لە دڵەڕاوکی و نائارامیە یەك چرکەسات سکونەتێك دێت بە رۆحماندا، سکونەتێك کە هێندە کەمە لە فاسیلەی کورتی نێوان دوو شەڕ دەچێت کە شەڕکەرەکان تیایدا ماندوو بووبن٠ ئەم سکونەتەش دابڕانە لە گەشتێك کە بە لە دونیا دەرچوونمان ئامادەمان دەکات بۆ گەشتێکی بێکۆتایی تر، واتە ئەم سکونەتە فاسیلە نێوان دوو دونیا و دوو سەفەر و دوو گەشتە، کە کەسی موسا فیر لە سەفەرێکەوە هەڵدەگرێت بۆ سەفەرێکی تر، لە دونیایەکەوە دەیخاتە ناو دونیایەکی تر، لە حەقیقەتێکی ترەوە دەیداتە دەستی حەقیقەتێکی تر٠